**ماددەی سـێيــەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم ياسايە بێت ، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی چـــوارەم :**

پێويستە ئەنجومەنی وەزيران حوكمەكانی ئەم ياسايە بخەنە بەركار.

**ماددەی پێنجـــەم :**

ئەم ياسايە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقايعی كوردستان)دا ، دەخرێتە بەركار.

**د. ڕۆژ نـــوری شـاوەيس**
**سـەرۆكی ئە نجـومەنی نيشـتمانيی كوردستانی عێـراق**

**بە ناوی خوای بەخشندەو ميهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕيــــار : ٧**
**ڕۆژی بڕيــــار : ٢٠٠١/٦/٥**

## " بـڕيــــــار "

پشت بـە حوكمـەكانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦)و مـاددەی (٥٣) لـە ياسـای ژمـارە (١)ی هــەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢)و ، لەسـەر داواكردنـی ئەنجومـەنی وەزيـران ، ئەنجومــەنی نيـشتمانيی كوردسـتانی عێـراق لـە كۆبوونـەوەی ژمـارە (١٢)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٥)يـدا ئـەم بڕيارەی خوارەوەیدا:

**ماددەی يەكــەم :**

موعامەلـەكانی سـەر لـە نـوێ تۆماركردنـەوە ، بـە نـاوی ئەشخاصـی طبيعييـەوە كـە دەربـارەی زەوی ـوزاری كـشتوكاڵ لــە دەرەوەی سـنووری شـارەوانييەكاندا لــە چوارچێوەی ئەرك و فرمانی (ملاحظـيـەتی) تۆمـاری عيقـاری ڕاخـۆ پيـادە دەكـرێ ، پووچ دەكــرێنەوە ، چونكـــە حوكمەكــانی سەر لە نوێ تۆماركردنەوە كە لە ياسای

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ژمارە ( ٤٣ ) ی هەموارکراوی ساڵی ( ١٩٧١ ) دا هـاتووە نایانگرێتـەوە و کەوتوونەتـە ژێرکاری حوکمەکانی یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵەوە کە لە هەرێمدا بەر کارن .

**مــاددەی دووەم :**

موعامەلەکانی سەرلەنوێ تۆمار کردنـەوە کـە دەربـارەی عیقـار و زەویـی نـشینەیی لەناو سـنووری شـارەوانیەکاندا ، لـە چـوار چـێوەی ئـەرك وفرمـانی (ملاحظـیـــەتـی) تۆمـاری عیقـاریی قـەزای زاخـۆدا پیـادە دەکـرێ پـووچ دەکرێنـەوە ، چـونکە بـەپێی دەقـەکانی یاسـای ژمـارە (٤٣ )ی هـەموارکراوی سـەر لـەنوێ تۆمـار کردنـەوەی سـاڵی (١٩٧١ ) شەرت وشرووتیان بەجێ نەهێناوە .

**ماددەی سـێیــەم :**

موعامەلەکانی سەر لە نوێ تۆمارکردنەوە کـە دەربـارەی زەوی‌وزاری کـشتوکاڵ لـە ناو سنووری شارەوانیەکاندا لە چوارچێوەی ئەرك و فرمانی (ملاحظـیـــەتـی) تۆمـاری عیقاریی قەزای زاخۆدا پیادە دەکـرێ پـووچ دەکرێنـەوە ، چـونکە بـە پێـی دەقـەکانی یاسای ژمارە (٤٣)ە هەموارکراوی تۆماری عیقاریی سـاڵی (١٩٧١) شـەرت و شـرووتیان بەجێ نەهێناوە.

**ماددەی چـــوارەم :**

ناو لێنان لەو عیقـارەی کـە لـە (مـەتنی مـاددەی / ٤٣ موکـەڕەر ، ق٣ / موکـەڕەرو ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (٤٣)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٧١)ی تۆمـاری عیقاریـدا هــاتووە ، تــەنها ئــەو موڵکــە صــرفانە دەگرێتــەوە کــە کەوتوونەتــە نــاو ســنووری شارەوانییەکانەوە.

**ماددەی پێنجـــەم :**

أ. لیژنەیەك لە نوێنەرانی وەزارەتـەکانی کـشتوکاڵ و ئـاودێری ، شـارەوانی و گەشـت و گوزار ، ئـەوقاف و کاروبـاری ئیـسلامی ، دارایـی و ئـابووری و داد ، بـە سـەرۆکایەتی دادوەرێك پێك دەهێنرێ . ئـەم لیژنەیـە موعامەلـەکانی سـەر لـە نـوێ تۆمارکردنـەوە تەدقیق و تەسدیق دەکات بەر لەوەی لـە دایـەرەی تۆمـاری عیقاریـدا تۆمـار بکـرێن ، بڕیارەکانیشی لە ماوەی (٣٠) سـی رۆژدا کە لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە دەست پێ دەکات ئەوەی لە باردا هەیە کە تانەی تەمییزی لێ بدرێ.

ب. ئەو لیژنەیە کە بە پێی بڕگـە (أ)ی ئـەم ماددەیـە پێك دەهێنـرێ تـەنها سـەیری ئـەو موعامەلانە دەکات کە لە ماددەی دووەم و سێیەمی ئەم بڕیارەدا هاتووە.

ئــــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی کـــــــوردستان
www.mejkurdistan.com

**ماددەی شـەشـەم :**

موعامەلەکانی سەرلەنویٰ تۆمارکردنەوە کە بە پێی دەقەکانی ئەم بڕیارە تەسدیق کرابن و شەرت و شرووتی یاساییان بە جێهێنابیٰ لە رەسمی تازەی تۆمارکردنەوەی عیقاری عەغو دەکرێن.

**ماددەی حـەوتـــەم :**

هەر دەقیٰ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی هەشـــتـەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

**ماددەی نـۆیـــەم :**

ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا ، دخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نـــوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com